# ئەوەی دژایەتی دۆستێکی (وەلیەکی) من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لام ؛ هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرزم کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە فەرموویەتی: ئەوەی دژایەتی دۆستێکی (وەلیەکی) من بکات؛ ئەوا من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وبەندەکەم بە هیچ شتێک لە من نزیک نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لام ؛ هێندەی نزیکبوونەوەی لێم بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرزم کردووە، وبەندەکەم بەردەوام لێم نزیک دەبێتەوە بە ئەنجامدانی نافیلەکان^ هەتاوەکو خۆشم دەوێت، ئەگەر خۆشم ویست؛ ئەوا پارێزەری ئەو بیستنەی دەبم کە پێی دەبیستێت، وئەو بینینەی کە پێی دەبینێت، وئەو دەستەی کە شتی پێ وەردەگرێت، وئەو پێیەی کە پێی ڕێدەکات، ئەگەر داوام لێبکات ئەوا پێی دەبەخشم، وئەگەر پەنام پێبگرێت ئەوا پەنای دەدەم، لەسەر ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەک بە گومان نەبووم وەکو گومانم لە کێشانی ڕۆحی ئیماندار، حەز لە مردن ناکات، ومنیش حەز ناکەم ئازاری بدەم». ^(نافیلە؛ واتە: ئەو وتە وکردەوانەی کە فەرز نین بەڵام بەندە ئەنجامیان دەدات بۆ (بەرزبوونەوەی پلە ونزیکبوونەوەی لە خوای گەورە، پێشی دەووترێت: سونەت یان موستەحەب یان خۆبەخش
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمان دەگێڕێتەوە لە فەرموودەیەکی قودسیدا کە خوای گەورە -عز وجل- فەرموویەتی: ئەوەی ئازاری دۆستێکی -وەلیەکی- من بدات وتوڕەی بکات وڕقی لێبێت ئەوا من دژایەتیکردنی ڕادەگەیەنم. دۆستی -وەلی- خوای گەورە: بریتیە لە ئیمانداری تەقوادار، هەتا بەندە ئیمان وتەقوای زیاتر بێت ئەوا دۆستایەتی خوای گەورە بۆی زیاتر دەبێت. وبەندە بە هیچ شتێک لە پەروەردگاری نزیك نابێتەوە کە خۆشەویست بێـت لە لای پەروەردگاری ؛ هێندەی نزیکبوونەوە لێی بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی لەسەری فەرز و واجبی کردووە، ئەمیش ئەنجامدانی پەرستنەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان دەگرێتەوە، ومسوڵمان بەردەوام نزیک دەبێتەوە لە پەروەردگاری بە ئەنجامدانی کردەوە سونەتەکان لەگەڵ فەرزەکان ؛ هەتاوەکو خوای گەورە خۆشی دەوێت. ئەگەر الله خۆشی بوێت؛ ئەوا ڕێنموێنی دەکات لە چوار ئەندامیدا: ڕێنموێنی دەکات لە بیستنیدا، بۆیە تەنها شتانە دەبیستێت کە خوای گەورە لێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە بینینیدا، بۆیە تەنها سەیری ئەو شتانە دەکات کە خوای گەورە پێی خۆشە سەیری بکات وپێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە دەستیدا، بۆیە تەنها ئەو کردەوانە دەکات بەدەستی کە خوای گەورە پێی ڕازیە. وڕێنموێنی دەکات لە پێیدا، بۆیە تەنها بۆ ئەو شوێنانە دەڕوات کە خوای گەورە لێی ڕازیە، وتەنها بۆ خێر وچاکە هەوڵدەدات. لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەگەر داوای هەرشتێك لە خوای گەورە بکات ؛ پێی دەبەخشێت، نزاکانی وەڵام دەدرێتەوە، وئەگەر پەنا بە الله بگرێت وداوای پاراستنی لێبکات؛ ئەوا الله -سبحانه وتعالى- دەیپارێزێت وپەنای دەدات لەو شتەی لێی دەترسێت. پاشان خوای گەورە -سبحانه وتعالى- فەرمووی: لەسەر ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەک بە گومان نەبووم وەکو گومانم لە کێشانی ڕۆحی ئیماندار ؛ وەکو ڕەحمەتێك بەرامبەری، چونکە حەز لە مردن ناکات بەهۆی ئێش وئازارەکەی، وخودایش حەزی بەو شتە نییە کە ئیماندار ئازار دەدات.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee